www.kurdistannet.org
28-6-2006 17:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دیداری حەزرەتی نالی ... حکمت معروف

hmks7@kurdistannet. org

لە ژێر دروشمی... (تا شیعر بمێنێ، نالی هەر لە لوتکەدایە) سەنتەری روناکبیری ئێلبەگی جاف، لە سلێمانی دیداری نالی ڕێکدەخات.

سەنتەری روناکبیری ئێلبەگی جاف: سەنتەرێکی روناکبیری، هونەری، کۆمەڵایەتییە. لەو کەسانە پێکدێت کە چالاکی بەرچاویان لە یەکێک یان زیاتر لەو بوارانەدا هەیە، یان بایەخی پێدەدەن. ئەم سەنتەرە بەناوی " ئێلبەگی " شاعیری کوردەوە، دامەزراوە. کە پێنج سەدە پێش ئێستا وەکو کەسایەتییەکی یارسانی پێشبینییەکانی بە شیعر هۆنیوەتەوە. بە پێی ئەو پەیڤەی کە لە ڕێبەری ئەم دیدارەدا هاتووە، ئەم سەنتەرە، ئەوەندەی کە پەیوەندی بە دنیای روناکبیرییەوە هەیە ئەوەندەش دووڕە لە کاروباری خێڵەکی. کە ئەمە ڕووی گەشی ئەم سەنتەرە دەبێت لە هاتوودا. وەکو هەنگاوی یەکەمی ئەم سەنتەرە بۆ لێکۆڵینەوە و یاد کردنەوەی کەڵە شاعیران و نووسەرانی کورد، بە دیداری نالی دەستیان پێکردووە.

شیعر و ئەندێشەی نالی وەکو پایە بەرزترین شاعیری کورد، تا ئێستا زۆری لەسەر نووسراوە و دەیان لێکۆڵینەوە لە بارەی شیعرەکانییەوە کراوە، بەڵام بە بڕوای من نالی، پێگەیەکی هێندە تایبەتی لە دنیای شیعردا هەیە کە بۆ دەیان ساڵی تر ئەوە هەڵدەگرێ کە هەموو ساڵێک دیداری ساڵانەی لەسەر بکرێ. لە هەر سەردەمێکدا و لە هەر بۆنەیەکدا باسی شیعری کوردی بکرێ، دەبێت باسی نالی بکرێ. هەر یەکێک لە بوارەکانی شیعر بدوێیت نالی ئەسپی داهێنانی خۆی بە جوانترین شێوە تێدا تاو داوە. ئەندێشە و وشەسازی و دەربڕینی نالی و ڕێچکە شکاندنی نالی بۆ بە کوردی نووسینی شیعر هەڵگری هەزاران دیدار و لێکۆڵینەوەیە. هێمنی شاعیر زیادڕۆی نەکردووە، کە لە پێشەکی دیوانەکەی نالیدا وتوویەتی: دەبێت هەموو ماڵێکی کورد لەگەڵ قورئاندا دیوانێکی نالیش دابنێ.

***

چاوەڕێی کورتەی ڕۆژانەی دیدارەکە بن لە کوردستان نێتەوە.

لیژنەکان

● **لیژنەی باڵا:**

د. عیزەدین مستەفا — د. دڵشاد عەلی
محەممەد حەمەسالەح — د. بەهرۆز جاف
عارف قوربانی

● **لیژنەی سەرپەرشتی:**

م. عەلی عەبدوڵڵا — حەبیب محەممەد دەروێش
سامان سەرحەد

● **لیژنەی ڕاگەیاندن:**

نەرسەلان تۆفیق — سەلام عەبدوڵکەریم
ڕەزا جەبار — شەهرام هۆژبری
ژینۆ یوسف

● **لیژنەی ئیدارە:**

ڕاستی عەلی — هەستیار جاف
عەومەر ڕەحیم — کۆژین حامید
زەینەدین عابدین — کەیوان نەسرەدین

● **لیژنەی هونەری:**

سەربەست نەجمەد — سەفین سالەح
خالید عەلی قادر — وریا ئامیق

● **لیژنەی پێشوازی:**

ڕێبوار هاواری — بەهرە عەلی

● **دیزاین:** حیکمەت مەعرووف

سەنتەری ڕوناکبیری ئیلیەگی جاف

لە ژێر دروشمی:

تا شێعر بمێنێ نالی هەر لە لوتکەدایە

ڕۆژانی: 1 - 3 / 7 / 2006

دیدارێ حەزرەتی نالی ڕێکدەخات

ڕۆژانی: 1 - 2 / 7 / 2006، لە هۆڵی سلێمانی / تەنیشت سەنتەری چالاکی گەنجان.

ڕۆژی: 3/ 7/ 2006 لە کۆندی خاکوخۆڵی شارەزوور

کاتژمێر: (10) بەیانیان بە کاتی هاوینە